# مۆدێلی لینسیۆنی و کۆمەڵگای کوردستان!

**ئاسۆ حامدی**

## مۆدێلی لینسیۆنی ؛*

مۆدێلی لینسیۆنی بۆ چاککردنی پرۆسیسەکانی پرۆژە ستراتیژیەکان و ڕێکخراوبوون بەکاردێت؛ پێکهاتەی ئەم مۆدێلە لە پێنچ ئاست دایە و جێ بە جێ کردنی کارکردن لە خوارەوەیە بۆ گەیشتن بە ئامانچ؛ سەرەتا ئامانج زۆر گرنگە ڕۆشەن و پوخت بێت. دواتریش ئاستەکانی تر لەم کەم تر نین و هەموویان بەیەکەوە دەتوانن ئامانچ بەدەست بهێنن؛

ئاستەکانیش ئەمانەن؛

باوەڕبوون کە بنەمای هەرەمەکەیە.

مشتومڕەکان

خۆ بە خاوەنزانین (کۆمیتمێنت)

لێپرسراویەتی

ئامانچ ( کە لووتکەی هەرەمەکەیە)

لە خوارەوە تێکهەلکێشی لە مۆدێلی لینسیۆنی و ماسلۆ دەخەینە ڕوو؛




هەموو ئەم هەنگاوانەی خوارەوە کە بە موتمانە و باوەڕ دەست پێدەکەن، دواتریش مشتومڕەکان و کێشەکان لە نێو ڕێکخراوی پرۆژەکان دەست پێدەکات، کە ئەمەش لایەنە پۆزەتیڤەکانی کێشمە کێش و مشتومڕەکان دەگەیەنێت و دەبێ هەمووان لە کێشە دابن تا باشترین بیر و هزر ببێتە چاکسازی و گەشەسەندن تا بتوانێت هاوبەشی بکات بۆ چاککردن و گەشەدانی ڕێکخراوبوون. ئاستی سێیەم بریتیە لە خۆ بە خاوەنزانین و

دواتریش لێپرسراویەتی بەرامبەر پرۆژەکان وڕێکخراوەکانیەتی، ئاستی دوایش ئامانجی پرۆژەکانە کە هەموو ئاستەکان لە پیناوی ئەودا کاردەکەن.

لە بەرامبەریشدا مۆدێلی ماسلۆ دەنوسینەوە کە مۆدێلێکە بۆ گەشەدانی کەس و خود بەکاردێت و ئامانج لە مۆدیلەکە خۆ هۆشیارکردن و نوێکردنەوەیە. ئەمەش هەروا بە ئاسانی نابێت و پرۆسیسی خۆی هەیە و ئاستەکانی بریتین لە سەرەتا کە بنەمای هەرەمەکەیە لایەنە سایکۆلۆژیەکان و داواکاریەکانە و دواتریش ئاستێ تر بریتیە لە سەقامگیری و ئارامی کەش و هەوای ژیانی ئینسانەکان و ئاستێکی تریش لە پاداشت و دواتریش ڕێزدانان و تەقدیرکردن دێن و ئامانجیش لە هەموویان خۆنوێکردنەوەو گەشەدان بە کەسایەتی خودە. هەروەک لە مۆدێلەکە دیارە بەبێ ئارامی وکەش وهەوایەکی ئازاد و جێگیر گەشە سەندنی مرۆڤەکان زەحمەت دەبێ. هەماهەنگی ئەم دوو مۆدێلە لەیەک کاتتدا یانی هەم ڕێکخراو گەشەدەکات و هەم مرۆڤەکانی ئەندام لە ڕێکخراودا بە هەماهەنگی و بەردەوام.

**کۆمەڵگای کوردستان و گرفتەکان؛**

لێرە باس تەنها لەیەک گرفت دەکەین ئەویش گرفتی نەبوونی موتمانە و باوەڕ لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەتایبەتی باوەڕ بە کارگێرانی کۆمەڵگا جا چ حزبی بن یان حکومی بن. جا کە موتمانە نەبوو ئیتر بنمای هەموو مەسەلەکان و ئالوگۆڕ و چاکسازیەکان لە کۆمەڵگا تووشی گرفت دەبن.

ئایا بۆچی خەڵک موتمانەی بە سیاسیەکانی دەسەڵاتی حزبی و حکومی نەماوە؟

لە واقع دا پراکتیکی ژیان و سیاسەتی ئەم نوخبەیە وای لە کۆمەڵگا کردووە. بەنموونە تاکە مەسەلە لێرەدا باسی بکەین نەبوونی شەفافیەت و ڕاستگۆییە لەگەل کۆمەلآنی خەڵکدا. بۆ ئەوەی باس لە گرفتی لە دەستدانی بی باوەڕی بکەین ئەوا دەبێ لە سەرەوە بۆ خوارەوە تەواوی بنەمای کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابووری ئەم کۆمەڵگا یە تەتەڵە بکەین. بەداخەوە لە کوردستان دەزگایەکی ئەکادیمی و زانستی نیە تا دراسەی سوسیولۆژی دروست بکات و مۆدێلی تایبەت بە کۆمەڵگای کوردستان بنوسێتەوە. لێرەدا ناچاردەبین لە گشتدا مەسەلەکان تەتەڵە بکەین کە خۆی لە مەسایلی سیاسی ساف و گشتدا دەبینێتەوە.

**گرفتی سەرەکیەکان؛**

کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی داگیرکراوە و سەقامگیر و خاوەن ستاتۆیەکی نێو دەولەتی نیە، کۆمەڵگایەکە هەماهەنگ نیە و خاوەنی دەسەڵاتێکی سەقامگیر و باوەڕپێکراو نیە، ناوەندێکی بڕیاردان و ڕابەرێکی سەرتاسەری نیە. کۆمەڵگایەک نیە دەستوورێکی دایم و بە سیستەم کار بکات و سیستەمی یاسادانان و جێ بەجێکردن و قەزایی دروستی هەبێ لە ڕوانگەی خزمەت بە هاووڵاتییان و کۆمەڵگادا. کۆمەڵگایەکە لە مۆلەقەدایە و هەردەم وەک هەویر لە ئاڵوگۆردایە لە ژێر فشاری ئەجیندە دەرەکیەکاندایە و خاوەنی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی سەربەخۆ نیە و توانای پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی نیە. کۆمەڵگایەکی بەرخۆریە و کۆمەڵگایەک نیە بەرهەمهێن بێ و خاوەن توانای زانستی بەهێز بێت و ئاستی هەموو ڕۆشەنبیری کۆمەڵایەتی و سیاسی نزمە و چاولێکەریە. تەنانەت دیپلۆم ئاستی زانستی هەر لە بڕوانامە بەرزەکان تا نزمەکان توانای پێشبڕکی ناوچەیی و جیهانی نیە. کۆمەڵگایەک ئەم هەموو گرفتەی هەبێ چۆن دەتوانێ باوەڕ بە سیاسیەکان و تەنانەت ڕۆشەنبیرانیش بهێنێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و حزب و تەنانەت سەنتەرێکی وەرزش یان یانەیەکی وەرزشییش لەم ماوەی٢٧ ساڵەی دەسەڵاتی بەناو ناوخۆییدا. ئەوەی دەستی بە هەر شتێ ڕاگەیشتبێ گەندەڵی پێوەکردووە و کەس لە کەس باشتر نەبووە( تاک تاک ئینسانی ساف پاک

هەبووە لە هەموو ئاستەکاندا) لەمەڕ سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سامانی نەتەوەیی و داهاتی نەتەوەیی لە کۆمەڵگای پڕ لە نەهامەت وکێشە دا. وولاتانی ئەقلیمی بە بەرنامە کار دەکەن بۆ لە ناوبردنی هەر کارو چالاکیەک کە پەرە بە کۆمەڵگا بدات. ئەم دەوڵەتانە هەردەم هەوڵدەدەن بۆ مانەوەی وەزعی مەوجود و لێکترازانی کۆمەڵگا و مانەوەی ژێردەستەیی. ئەمان هەموو هۆیەکی یان بەدەستە چ میدیایی و دیپلۆماسی و ئەرسنالی سەربازی و هۆیەکانی بەرهەم هێنان و ئینفراستەکچەر بێت. میللەتی کورد دەبێ ئەم دەرسە لە خەباتی خۆی وەرگرتبێ کە بەرگری هەردەم هۆکارێکی مانەوەیەتی و بەردەوام یش جووەتە پێش. ناکرێ دەستبەرداری ئەم هزرە بێت و هەردەم دەبێ چەک و چیا و قوربانی دان هاوڕێ بەردەوامیان بن، بۆ ئەمەش دەبێ دەست بۆ تێکشکانی ئابووری وولاتە داگیرکەرەکان ببەن. نەک کوشتنی سەرباز و پاسدار و جەندرمە. دروستە گەلی هەژار ناتوانی داگیرکەرێکی وەک ئەردۆغان و ڕوحانی وئەسەد و عەبادی لەناو ببات. بەلام دەتوانێ بەرەنگاریان ببێتەوەو داوای مافەکانی خۆی بکات. ئەگەر ئەم ڕوحە کەم بووەوە ئەوە فاکتەری سەرکوت و پایەکانی داگیرکاری زیاد دەبن و رەزیل و سەفیل دەبین. گەلە بالا دەستەکانی وەک عەرەب و فارس و تورک تەنها لە کاتی ڕەزالەتیەکانیاندا برایەتی کوردیان بیر دەکەوێتەوە دوایی کە وەزعیان باش بوو هەمان قەوان دەچڕنەوە کە باپیرانیان کردوویانە. ئەم بۆ چوونە ڕەنگە ڕاسیستی بێت لە ڕووکەشدا بەلام دەرسێکی تاڵی مێژووییە. نەتەوەی کورد پێویستی بە بەرگری بەردەوام و خۆ هۆشیارکردنەوە هەیە لە هەمان کات گەشە بە فرە کەلتووری و هاوبەشی ژیان بدات لەگەڵ نەتەوەکانی ناوچەکەدا. بەلام ئەمە دوولایەنەو ناکرێ هەر یەکیان شل وئەوی تریان توند بێ دەبێ هەردوولا لە بالانس بن. بەلام هەر نەرمی لە میللەتی کوردەوەیە. بەلام هەر بەرگری هیز کافی نیە میللەتی کورد پێویستی بە نەوەیەکی هۆشیارە هەم لە باری دیپلۆماسی و میدیای نەتەوەیی و دامەزراندنی کۆمەڵگای بەرهەمهێن کار ئەنجام بدات، بۆ ئەمەش پێویستی بە گەلانی ناوچەکەیە تا ژیانی ئینگراسیۆن و فرەکەلتووری زیندوو بکاتەوە بە هاوسەنگی بە قازانجی گشت نەتەوەکان. بەداخەوە کۆمۆنیستەکان ماوەیەک نەزەریان وابوو کورد لە کەرکوک نەتەوەی عەرەب دەچەوسێنێتەوە، ئەمە وەک نەزەری مەریوان قانیع و ئاراس فەتاحە لە سەر سوڵتانیزمی ماڵی بارزانی و تاڵەبانی دا کە لەواقع دا تەنها بۆ کرێکارێکی هەژاری سلێمانی و مەسیف دروستە هەموومان بینیمان ئەم سوڵتانیزمەی کە ئەوان ناویان ناوەو تیوری بۆ دادەڕێژن لە ٢٤ کاژێردا نیوەی کوردستانی تەسلیم بە حشدی شەعبی و عەبادی کرد. سوڵتانی ئاوایا؟ کە توانای نیە بەرگری لە خودی هێزی خۆی بکات نەک کۆمەڵگا. بەداخەوە ئەمە هەندێ لە سەرخانی بیری کەسانی ئێمە کە خۆیان بە ڕابەر و ڕۆشەنبیر دەزانن.

لە گەڵ هەموو ئەمانە دەبێ گەل موتمانە بە هێزی نەتەوەیی هەبێت و لە خزمەتی گەلی هەژاردا هەموو قوربانیەک بدات. ناتەبایی و پارچە پارچە بوونی گەلی هەژار و بەناوچەیی بوونی ڕابەران و هێزە سیاسیەکان هێندەی تر خەڵکی سەرگەردان کردووە. حکومەتی درۆ و دراو( مەقولەی نەوشیروان مستەفایە) وبنکە فراوانەکەش تەنها نەهامەتی بوون بۆ خەڵکی هەژار و نەداری گەلەکەمان. بەم زەخیرە سیاسیەی لە کوردستان هەیە سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەگەر نیەتێکی ساف هەبێ دەکرێ ئاسایشی نەتەوەیی و داهاتی نەتەوەیی گەشەی پێبدرێت و بەرەوپێشەوە بچێ. بەلام بەم شێوەکارکردن و بیرکردنەوەی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکوک هەیە و کۆمەڵگایەک هەروا ژن کوشتن ببێتە چالاکی و ئاسایشی نەتەوەیی وا لە ژێر ڕەحمەتی داگیرکەران بێ ئەوا چاوەڕوانی چی لێدەکرێت و هەرگیز هیچ بەهیچ ناکەین. مێژووی سیاسی کوردستان لەم ٢٧ ساڵەی رابردوو شکست لە دوای شکست و کلکایەتی دوژمنانی پێنیشانداوین لە جیاتی مۆدێرن بوون و بەرەوپێشەوە چوون بۆیەش ئەم موتمانەیە زەحمەتە بەدەست بێت و گەلی هەژاریش هەقیەتی بێتە سەر شەقام و هاواربکات. بەلام بەبێ ڕابەریەکی دروست و ناسینەوەو دیارینەکردنی چارەنووسی

بزوتنەوەکە هەردەبێتە مەسەلەیەکی پیشەیی و کاتی و دوایش بێ موتمانەیی تر زیاتر دەکات. ئەگەر موتمانە نەبێت ئەوا کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و ڕێکخراو زەحمەتە دروست بێت هەروەک لە مۆدێلی لینسیۆنی دا دیارە و هەم بە بێ کەش و هەوایەکی ئارام و جێگیر ناکرێ مرۆڤەکان خۆیان نوێ بکەنەوەو بەرەو پێش بچن. کوردستان لە وەزعێکی خراپ و مێژوویەکی ناسکدا یە. دیارە کە بەشێکی سەرەکی سەرکردایەتی سیاسی کورد و خۆمان لێی بەرپرسیارین. دەبێ جورئەتی ئەوامان هەبێ دان بەشکست و سەرکەوتنەکانمان بێنین و ڕێگا بە نەوەی نوێ بدەین قسەی خۆی بکات و هەماهەنگی و یەک ئەجندەی مۆدێرن لە سەر بنەمانی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگایەکی فرە کەڵتووری کار بکەین. هەر بۆیەش موتمانە و باوەڕ لە پراکتیکدا بەدەست دێ نەک مەسەلەیەکی تیوری و ووشەی زل و ڕەنگاوڕەنگ کە لە زۆربەی ووتارەکانی سەرکردە سیاسیەکان دا بەدی دەکرێن و بە ئەکادیمیستەکانیشەوە. ئەگەر لە چەند ووشەیەک پەنچە بخەینە سەر برینەکانمان ڕاستە ڕابەرە سیاسیەکان خاوەنی فیزی و میسی  وستراتیژیەکی دروست نین بەڵام کادیرانی دوای ئەوان کە ڕۆشەنبیرانی حزبە باڵادەستەکانن ئەوانن کە ئەم پەندە پڕ بە پێستە بۆیان ( کاتێ مۆز ڕوو دەکرێت مەیمونەکان پەیدا دەبن) خەڵکی هەزار قوربانی ئەم چینەی دوای ڕابەرە سیاسیەکانیشن تا سەرکردایەتی سیاسی چونکە ئەوان سیاسەتەکان بە پراکتیک دەکەنەوە و بریارەکانی ئەوان وەردەگێرنە سەر پراکتیک. بەڵام کوردیش دەڵێ ماسیەکان لەسەرەوە بۆگەنی بوونە یان ئاو لەسەرچاوە وە لیلە. نەوەی نوێ ئەرکێکی قورسی لە ئەستۆیە تا ئەم باوەڕە بە گەل دەهێنێتەوە ئەو کات بزوتنەوەی ئازادی ڕێچکەی دروستی دەبێ.

بەداخەوە دەڵێی گەلەکەمان تووشی نەخۆشی دەمینت (بیرچوونەوە) بووە و هەموو شتەکان خێرا دەڕۆن  ولە بیردەکرێن زۆرجار کەسە تاوانبارەکان کەس هیچیان پێنالێت و مەسەلەکان بە سەرەڕۆیی ڕەت دەبن. ئەگەر لە مێژووی گەلاندا خائینان و خۆفرۆشان گۆڕەکانیشیان تووڕ هەڵدراون. دەبێ نەوەی نوێ دەست بۆ ئەمەش ببات تا چیتر خۆفرۆشی و تاوانکاری دەرهەق بە گەلەکەمان وا زوو بەبێ سزا ڕەت نەبن. بەڵام ئایا نەوەی نوێ تواناو کەرەستەی ئاوای لەبەردەستە هەم لە ناوەخۆ پاڵاوتن بکات و هەم دژی داگیرکاری بە باوەڕی مۆدێرن و فرە کەڵتووری بێتەوە مەیدان و بەرگری لە نەتەوەی هەژاری بکات. خەبات و پراکتیک کەرەستە پێویستەکان ئامادەکەن بەڵام نەوەی نوێ لە کوردستان ڕێگایەکی دوورو پڕ لە مەشەقەتی لە پێشە لە هەوراز و نشێوی مێژووی سەد ساڵەی ڕابردوو ئاسانتر نیە و زەحمەتتریشە چونکە ئامرازەکان وپێداویستەکان و ئەجیندە جیاجیاکانی ناوچەکە و دونیاش هەروا دەگۆڕێن. بەس هیچ شتێ مەحال نیە. بەس کاری ئیستایان گەڕانەوەی موتمانە و باوەڕی گەلە بە شۆڕش و ڕزگاری نیشتمانی گەلانی ژێردەستە لە کوردستان.

ئاسۆ حامدی

*سەرچاوە مۆدێلی لینسیۆنی و مۆدێلی ماسلۆ بۆ گەشەدان بە ڕێکخراوبوون و کەسایەتیەکان ئەمە لە کۆرسی ئەجایل سکروم وەرگیراوە. بۆ ئەمە سەیری سەرچاوەکانی کۆمۆنیکەیشن و سەرەتاکانی بکەن. ئەم سەرچاوانە بە زمانەکانی ئینگلیزی دەست دەکەون.